# مانیفێستی کۆبانێ

بریـنـی شنگال شـەو و ڕۆژ دەتریوێنـێ.
دەشـێ ڕۆژێک لـە ڕۆژان ژانـەکـەی لـە زیرە بکـەوێ، بـەڵام قـەت نـاشـێ سـاڕێژ بـێ.
وێنـەی سـەر شـاشـەکان مێردەزمـەن، شـەوان لێت وەژوور دەکـەون،
سواری سـەر سنگت دەبن و چـەمۆڵـەت لـێ دەنێن.
ئێستاش، دوای شنگال، جـەستـەمان شـەبـەقی برینێکی نوێی تـێ بووە، بریـنی کۆبـانـێ.
شیروەشێن، هـەمان شیروەشێنـە، جـەستـە هـەمان جـەستـەیـە و خوێنـەکـەش هـەر هـەمانـە،
بـەڵام ئێشـەکـەیان جودایـە. ناتوانم باسی ئـەو جیاوازییـە بـە زمانی سـەربازی، زانستـی یا
لێکدانـەوەی لۆژیکی بکـەم، هـەر ئـەوەنـدە دەڵێم، شنگال خاڵێکی لـەو جێیـە دانا، کـە
ئـەخلاقسزیی سیاسی گـەیشتـە لووتکـە و کۆبانێش یـەکـەم ڕستـەی بۆ مێژوویـەکی تازە تۆمار
کرد و بووە کاراترین کارگـەی نـەتـەوەسازی.

***

لـە ماوەی کـەمتر لـە دوو مانگدا، چاخێک تێپـەڕی و بـەراییی چاخێکی نوێ پشکووت.
هـەموو ڕۆژێ دەمـەوێ داستانێک بنووسم لـەسـەر کۆبـانـێ... سارد دەبمـەوە.
چما داستـان لـەسـەر داستـان دەنووسرێ؟
دەمـەوێ، بۆ چـەند پـەیڤێک، پـەنا ببـەمـە بـەر ئـەفسانـە، چـەند پـەیڤێک، کـە شایـانـی بـەژنـی
کۆبـانـێ بن، بـەڵام کۆبـانـێ خۆی بووە بـە ئـەفسانـە و پێویستـی بـە ئـەفسانـەنووس نییـە!

***

سـەدان ساڵ شۆڕەسوارانـی ڕۆژهـەڵات ببوونـە کۆنـە مـەرەکـەبی سـەر کاغـەز و تـەنیا بـە
خـەیالـّی ڕۆژهـەڵاتناسانـدا دەهاتن، کـەچی ئـەوەتا، نـەوەی میدییـەکان، هـەسپی مێژوویـەکی
تازەیان زین کردووە و بـەرەو ئـاسۆیـەکی هـەزارڕەنگی لینگ دەدەن.
ئـەو سوارانـەی من باسیان دەکـەم لـە ڕەگـەزێکی دیکـە و لـە تیرەیـەکی دیکـەن.
پێشتر نـەمانبینیون، نـەمانناسیون.
ئـاخر، ئـەوانـەی پێشتر یا لـەناو تۆز و غوماری سـەرپـەڕێنـەکانـی سـەدەی حـەفتـەمدا ون
بوون،

یا شاعەباسێک ڕاپێچان سەرحەدەکانی بۆ بپارێزن، یا لووسکەیەکی جەنگیزخان بە مەیتەر لە ئاستانە دابمەزراندن،
یا بوونە فشەحیزبی خۆخۆری بێ پرۆژە و ستراتیژ، حیزبی سایکسبیکۆپەرست و لۆزاندۆست و بتەوان و موفاوەزاتچیی بودجە.

***

ئەوانەی من باسیان دەکەم لە ڕەگەزێکی دیکە و تیرەیەکی دیکەن: کیژگەل و کوڕگەلی کۆبانێن، ئەوانەن، کە چاویان بریسکەی ئاتەشگەکانی بابوباپیرانی تێدایە، ئادگاریان پڕاوپڕە لە گزنگی گاتاکانی زەردەشت.
ئەمانە کۆتاییان بە مێژووی هەڵاتهەڵات و ڕاکەڕاکە و نووزانەوە و شەڕەپەڕۆ و ئاڕئاڕ و قاچاخچییاتیی سنووران هێنا.
ئەمانە لە ڕەگەزێکی دیکە و تیرەیەکی دیکەن.
ئەمانە سەرەتای قڕبوونی سەرکردەی بندیوار و سکرتێری بندیوار و وەزیری بندیوار و ڕاوێژکاری بندیوار و جەنەراڵی بندیوار و هەموو شتێکی بندیوارن.
ئەوانە، ئەو جگەرگۆشانەی من، بە زگی قۆپاو و ڕەنگی پەڕیو و کلاشینکۆفی سەدەی ڕابردوو، بەرامبەر تانک و زرێپۆش، بەرامبەر تاعوونی ڕەش و قاسەی پڕی نەوتفرۆشان چەقیون و بە دنیادا جاڕ دەدەن، دەڵێن:
نا، ئێمە لە قەڵای دمدم داناگەڕێین، بە فتوایەک پایتەختی سۆران جێناهێڵین و ناچینە خزمەت سوڵتان. هەزار گفتولفتی شیرینی شای ئێران تەفرەمان نادا و نامانباتە بەر سێدارەی چوارچرا. ئێمە هەزار پەیمانی جەزایر بە قرۆشێک ناکڕین. ئێمە لە ڕەگەزێکی دیکە و تیرەیەکی دیکەین.

***

تەماشایان دەکەم، جارێک و دووجار و دە جار... لە پڕمەی گریان دەدەم.
نازانم گریانەکەم هی خۆشییە، یا نیشانەی پێشبینییەکی تاڵ، یا هی هەردووکیانە؟
ئەوان بە زەردەخەنەیەک دڵم دەدەنەوە، حاڵیم دەکەن، کە ڕۆژی سایکسبیکۆپەرستان و پیرەجامبازانی موفاوەزاتچی تەواو. لەمەولا، کێ زات دەکا، ئەو سنوورە حەرامزادانە بە سنوور بزانێ؟ کێ زات دەکا بڵێ کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا، کوردستانی سووریا، کوردستانی جیبۆتی و جڕتاوە؟ کێ... ؟

مەگەر هەتیوچەکانی "کڵاوڕەش و کڵاوسوور"،
مەگەر ئەوانەی، لە سەدەی بیستویەکەمدا، بە ئەقڵییەتی موختاری گوند دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، ئەوانەی بە دووربین تەماشای ئەوپەڕی دنیا دەکەن، کەچی بە زەڕەبینیش بنپێی خۆیان نابینن!

***

جەیلان، ئەو تەوارەی لە توخمی هەڵۆیانی زاگرۆس بوو،
ئەوەی لەگەڵ گوللە ژوانی دانا،
چما هەر جەستەی گوڵبەدەمی خۆی پێکا؟
نا، ڕابردوویەکی پڕ لە شەرمەزاری و سنووری حەرامزادەی سیمالکەشی پێکا.
ئارین، ئەو پڵنگەکیژەی، لەباتی دەستی یار، ئاگربەندی لە کەمەری خۆی ئاڵاند،
چما هەر بۆ ئەوە جەستەی پیرۆزی خۆی ئاگر دا ڕەوەئەسپێخۆرێک بۆ دۆزەخ ڕادا؟
نا، ئەو لەگەڵ خۆیدا خەندەقی براکوژان و شەڕەپەڕۆی بەرەبابان و تانکەری قاچاخچییانیشی ئاگر دا.
ئەمانە، کوڕینە، لە ڕەگەزێکی دیکە و لە تیرەیەکی دیکەن!

**عەبدوڵڵا پەشێو**
هێلسنکی ٢٠١٤/١٠/١٢

---

* لە بەیتێکدا حەزرەتی حاجی قادر دەفەرموێ:
لە مابەینی **کڵاوسوور** و **کڵاوڕەش/** پەرێشان و دیارن میسلی گای بەش
مەبەستی لە دەوڵەتی عوسمانی (کڵاوسوور) و سەفەوییە (کڵاوڕەش).